# نا بۆ ئاڵای فاشیزم لە کوردستان



دوای ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە هەفتەی پێشوو بڕیاریدا ئاڵای عێراق لە سەر تەلارە حکومیەکانی کوردستان دابگیرێت ، ئەمڕۆ یەك شەمە 03-09-2006 سەرۆك وەزیرانی عێراق ( مالیکی ) داوای کرد ئاڵای عێراق لە سەر هەموو شوێنێکی وولاتی عێراق هەڵبکرێ ، کە دەشڵێ هەموو شوێنێکی وولات تەنها مەبەستیان کوردستانە ، کە هەموو بەرەی میراتگری فاشیزم ،لە سیستانیەوە بگرە تادەگاتە مالیکی و تا دەگاتە حیزبە تورکمانەکان تا دەگاتە پارێزگاری موسڵ بە باکور ناوی دەبەن .

بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم دەبووایە سالآنێکی زۆر لەمەوبەر جێ بەجێ کرابا ، مالیکی و بەناو زانایانی ئاینی لە بەغدا نوێنەرایەتی یەکێتی خاك و وولاتێك دەکەن کە تەنها میسۆدی فاشیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەب دەتوانێ هەناسەی لێوەبدا ، سەربەخۆیی یان ئازادی ، دیموکراسی لە سادەترین بەرگی خۆیدا ، چەمکێك نیە لەو دیوی کەرکوکەوە حیزبێك و سیاسەتمەدارێك و مەلایەك هەبێ بتوانێ پێشوازی لێ بکاو خۆی بە هاوماڵ بزانێ ، کەچی ڕێبەرایەتی سیاسی کورد هەمیشە درەنگ و پاش دانی باجی زۆر , دەست بۆ هەنگاوەکان دەبا. لە بەرامبەریاندا ، سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی دەسەڵاتدار لە کوردستان دەرفەتێکیان بۆ دروست بووە ، واز لە پرۆژە هاوبەشەکان بینن کە دەمانکاتەوە کۆیلە ، دەرفەتیان بۆ دروست بووە پشت لە هەموو ئەو وادە وبەڵێنە پڕ لە درۆیانە بکەن ، کە لە موجامەلەی دیبلۆماسی کۆبوونەوەکان لە گەڵ بەرەی فاشیزم لە باشورو بەغدا ،یان لەلایەن ئەفسەرە دەرەجە دوو دووڕووەکانی ئەمریکا بۆیان سەد بارە دەکرێتەوە .

سایتی دەنگەکان ئاڵای عێراق بە ئاڵای فاشیزم دەزانێ ، پشتگیری تەواوی خۆی ڕادەگەیێنێ بۆ هەر بڕیارو هەنگاوێکی جەماوەری یان حکومی لە کوردستان کە شەخسیەتی سەربەخۆی کوردستان بە هێز دەکاتەوە .

دەستەی بەڕێوەبەری دەنگەکان

2006-09-03